# سێ كۆمەڵ ناچنە بەهەشتەوە: ئەوەی خووگرتووە بە ئارەق خواردنەوە، وئەوەی پەیوەندی خزمایەتی دەپچڕێنێت، وئەوەی باوەڕی بە جادووگەری هەیە

له ئەبی موسای ئەشعەریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- كە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «سێ كۆمەڵ ناچنە بەهەشتەوە: ئەوەی خووگرتووە (مودمینە) بە ئارەق خواردنەوە، وئەوەی پەیوەندی خزمایەتی دەپچڕێنێت، وئەوەی باوەڕی بە جادووگەری هەیە».

[صەحیحە لغیرە] [ئیبنو حیبان گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەواڵی ئەوە دەدات كە سێ كۆمەڵ لە خەڵكی ناچنە بەهەشتەوە بەهۆی ئەو تاوانە گەورانەی كە ئەنجامی دەدەن كە ئەم تاوانانە هۆكاری زیانن بۆ تاك وكۆمەڵگە: 1/ خووگرتن بە ئارەق خواردنەوە (مودمینی ئارەق خواردن)، چونكە ئەمە هۆكاری لە دەستدانی ئەقڵ، وتێكچوون ونەمانی كەسایەتی مرۆڤە، وزیانێكی زۆری هەیە بۆ سەر كۆمەڵگا وخێزانەكان. 2/ نەگەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی، چونكە ئەمە دەبێتە هۆی دروستبوونی ڕقایەتی وناكۆكی لە نێوان تاكەكانی ئەو خێزانە یان ئەو بنەماڵەدا، وئەمەش وا دەكات كە مرۆڤ بە تەنها بژێت ونزیكترین كەسی حەزی لێنەكات بەهۆی گرنگی نەدان پێیان وسەردانی نەكردنیان. 3/ باوەڕكردن بە قسەی جادووگەر وساحیرەكان، چونكە ئەمە هاندانە بۆ خوێندنەوەی شاراوەكان -غەیباتەكان- وفێڵكردن وهەڵخەڵەتاندنی خەڵكی وخواردنی پارەیان بە ناهەق، لێرەدا مەبەست باوەڕهێنان بەو هەواڵانەیە كە ساحیرەكان وجادووگەرەكان دەیڵێن نەک مەبەست لە كاریگەری سیحر وجادوو بێت چونكە سیحر وجادوو كاریگەرییان هەیە لەسەر مرۆڤ وئەمەش لە قورئان وسونەتدا بەڕوونی باسكراوە، وهەروەها ئەم هەڕەشە ئەوانەیش دەگرێتە كە زیاد لە سنووری خۆی باوەڕیان بە كاریگەری سیحر جادوو هەیە بۆ نمونە گۆڕینی سروشتی ماددەكان وەكو تەختە بۆ ئاڵتون وهاوشێوەی ئەمە؛ چونكە ساحیرەكان مەحاڵە بتوانن ئەمە بكەن تەنها خوای گەورە دەتوانێت ئەم كردەوانە بكات كە لە دەرەوەی توانای مرۆڤە.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5951